www.kurdistannet.org
9-11-2005 21:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆچی دکتۆر کەمال سید قادر ئەم سەفەرەی کرد؟! ... ئەردەڵان عەبدوڵڵا



گرتن و بێ سەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال، جێگای داخ وئەسەفی هەموومانە. من خۆم هەر کەبیستیم گیراوە، یەکسەر نارەزایی خۆمم دەربری. بەراستی من دژی هەموو گرتنێکی نوو سەرانم. لێ ئەم گرتنەی دکتۆر کەمال، کەماوەیەکەبۆتەباسی هەموو سایتەکان، تایبەتیەکی خۆی هەیە. رۆژ بەرۆژ شتی نوێم بەر گوێ دەکەوێت. بۆ یەکەم جار پارتی لەرێگای رادیۆی هاوپشتییەوە، ئیعلانی دەستگیرکردنی ئەم بەرێزەی بلاوکردەوە. من گوێم بۆ هەموو چاوپێکەوتنەکان گرت. لێ بێژەری رادیۆکەپرسیارێکی گرنگی کرد، کەلای هەموومان گرنگەئەویش: (دکتۆر کەمال ئەم سەفەرەی بۆ کرد؟!) . جێگای داخەکەسیان بەتەواوەتی وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەدایەوە. من لەو باوەرەدام کەبەرێز سامان کەریم کەنوێنەری (حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری) بوو، زۆر ئاگای لەمەسەلەکەنەبێت. چونکەدڵنیام گەر دکتۆرکەمال ئەو جنێوانەی بە(مەنسووری حیکمەت) بدایە، نەک لەکوردستان بەڵکەلەنەمساش شکاتیان لێ دەکردوو، دووریش نەبوو مینتینگ و خۆپیشاندانیشیان ئەنجام نەدایە. بەراستی گەر بمانەوێت ماڵی بەرزانی تاوانبار بکەین بەو شیوەیەناکرێت. شتی زۆر هەیەکەبەبەڵگەدەتوانین تاوانباریان بکەین. لێ جێگای داخەئەم کارەی دکتۆر کەمال، هەموو نووسەرەکانی خستەقاڵبی جنێوفرۆشانەوە. ئەم سەفەرەلای من بووبەمەراق، چەندی سەردەهێنم وسەردەبەم، تێناگەم ئەم بەرێزەبۆ چی وای کرد؟! بەراستی ئەوەی بەس تەنهاسەیری تەلەڤزیۆن بکات، دەزانێت کەتەنها لەرۆژئاوای ئەوروپادا کاتێک دەگیرێیت، ماڤی بەرگری لەخۆکردن و پارێزەرت هەیە. لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیش جگەلە(واسیتەو پاڕانەوە) هیچ ماڤێکی ترت نییە. کەچی ئەم بەرێزەش کەخاوەنی دوو بروانامەی ئەکادیمیەوە، پاش ئەو هەموو جنێوانەی کەبەماڵی بەرزانی داوە، ملی رێگای بەرەو کوردستان ناوە. هەمووشمان دەسەڵاتدارانی کوردی باش دەناسین! دەزانین ماڤەکانی مرۆڤ چەندەرێزی لێ دەگیرێت!.

لەهەمووی سەیرتر دکتۆر کەمال پێش ئەوەی برواتەوە(باسی ئەم سەفەرەو ژمارە تەلەڤونی هەولێریش لەسایتی ئینتەرنێتدا بلاوکردۆتەوە!) . ئەی ئەمەیانی چی؟! بەراستی لای هەمووومان ئەم هەڵوێست و نووسینانەی سەیرەو جێگای پرسیاریشە.

من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەدوور لەرۆمانسیات و ئیحساسی عاتیفی، چەند سەرنجێکی خۆم بدەم، هیوادارم کەسیش بەخراپ لیم تێنەگات.

بەبۆچوونی من تەنها بۆ دوو هۆ دەڕوانم.

1. هەموو مرۆڤێک حەز دەکات، لای هەمووان جیگای رێزو ئیحترام بێت. لەهەمان کاتیشدا شوێنی لەناو کۆمەڵگادا دیار بێت و خۆی دەربخات واتە(حب الڤهور) . بەراستی ئەو پاوانخوازیەی پارتی و یەکێتی، کەهەموو دەسەڵاتی ئیعلامی و ماددیەکانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە. وای کردووەکەزۆر زەحمەت بێت خەڵکی تر خۆی دەربخات. گەر کۆمەڵگا

ئازادودیمۆکرات بێت، مرۆڤەکان بتوانن ئیمکانیەماددی و فکری ومەعنەویەکانیان دەربخەن، پەنا نابەنەبەر شێوازی نا دیمۆکراتی و نابەجێ.

2. ئێمەهەمووەمان لەئەوروپا دەژین، دەزانین ژیانی تەنهایی و (ئیندیڤیدوالیزم) چەندەکاری خراپ دەکاتەسەر دەروونی مرۆڤەکان. جێگای داخەهێشتائێمەی کورد لەزانستی

دەروناسی (سایکۆلۆژی) تێناگەین. یەکسەر نەزرەیەکی خراپمان بەرامبەربەم زانستەهەیە. هەر وەک چۆن لەهەوایەکی ساردەوەتووشی نەخۆشی هەڵامەت دەبین، لەبیستن و بینینی هەواڵێک یان ڕووداوێکیش تووشی بێ تاقەتی و نەخۆشی دەروونی دەبین. جا هەروەک چۆن لامان ئاساییەگەر بچین بۆ لای دکتۆری گشتی، با چوون بۆ لای دکتۆری دەروونیش، لامان ئاسایی بێت.

بەراستی ئەو ووتارانەکە لەدژی ماڵی بەرزانی و بەرێز حەمەسەعید حەسەن و برای ئازیزمان عومەر فارس نووسیویەتی، بێ تاقەتیەکی زۆری پێوەدیارە. پێ دەچێت بەم ووتارانە، لەو حالەتەبێ تاقەتی و ناخۆشەی دەرچووبێت و کەمێک دەروونییەن موورتاح بووبێت.

من هیوادارم کەئەم جۆرەحالەتانەروونەدەنەوە، هەوڵ بدەین قەڵەمەکانمان دژی یەکتری تیژ نەکەینەوەو خۆمان بەم شتانەوەخەریک نەکەین. جارێکی تریش دەیڵێمەوەمن دژی گرتن و بێ سەروشوێن کردنی دکتۆر کەمال سید قادرم. من دڵنیام کەمەسعود بەرزانی هاتەوە، دکتۆر کەمال ئازاد دەکات. بۆ چی؟ چونکەگەر مەسعود بەرزانی ئەو ماڤەبەخۆی بدات کەشکات لەو کەسانەبکات کەجنێوی پێ دەدەن، دەبێت هەمان ماڤیش بەخەڵکی تر بدات. من هیوادارم گەر چی زووترەدکتۆر کەمال سید قادر ئازاد بکرێت، ئەو کات ئەگەر دکتۆر ڕێم بدات هەمان پرسیاری لێ دەکەم و پێی دەڵێم:
دکتۆر گیان ئەم سەفەرەت بۆ کرد؟؟؟!!!!!!

ئەڵمانیا / مانهایم